## یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١٥)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار :٩**
**مێژووی بڕیار:١٩/٤/٢٠٠٠**

### «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کەبەپێی بڕگە(٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە(١٠) ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە ولەسەر ئەو بنەمایەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ١٩/٤/٢٠٠٠یدا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.

### یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٠)
### یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١٥)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم:**
ماددەی نۆیەم لەیاساکەدا هەموار بکرێ، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە :
١ـ دەستەی گشتی لەهەموو ئەندامانی سەندیکا ،یا بریکارەکان، کەپێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە پێکدێت. ئەم دەستەگشتییەش بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکاکە دادەنرێ و، هەر(٣)سێ ساڵیش، جارێ، لەمانگی کانونی دووەمدا، کۆبوونەوەی گشتی ئاسایی خۆی لە بارەگای سەندیکاکەدا بەبڕیارێکی ئەنجومەن ولەسەر داواکردنی سەرۆکی سەندیکا (نەقیب)دەگیرێ و، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی سەندیکا وهەشت ئەندام ودوو ئەندامی

یەدەگیش بۆئەندامییەتی ئەنجومەن وئەندامانی لیژنەی (ئینزیبات) هەڵدەبژێرێ و، (نصاب)یش بەئامادەبوونی دوو لە سێی ئەندامانی دەستەی گشتی یا بریکارەکان، دێتەجێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا لەوبارەدا، دوای تێپەربوونی پازدە رۆژ بەسەر کۆبونەوەی یەکەم دا، هەڵبژاردن لە هەمان کات وجێگەدا ئەنجام دەدرێ و(نصاب)یش بە نامادەبوونی سێیەکی ئەندامان یا بریکاران بەجێ دێ وبەتەواو دادەنرێ، دەنا، ئەگەر وانەبێ، ئەوا، ئەنجومەن لەم بارەدا، بۆخولێکی دیکەش لەسەر کاروفرمانی خۆی ناپچڕێ و بەردەوام دەبێت.

٢ـ ئەگەرهات وژمارەی ئەندامانی دەستەی گشتی لە(٥٠٠) ئەندام زیاتر بوو، ئەوا ،هەڵبژاردنەکە لە رێگەی بریکارەکانەوە ئەنجام دەدرێ و، رێژەی نواندنیش لەلایەن ئەنجومەن یا ئەوەی کە فرمانی هەڵدەسوورێنی، بەئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە، دیاری دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڕیار لەسەردانییەوە دەخرێتەکارو، لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**